# خوێندنەوەیەکی ڕۆمانی (سەگەکەشیان چوارەمیان بوو)

سابیر ڕەشید




ڕۆمانی (سەگەکەشیان چوارەمیان بوو) دوا بەرهەمی زمانزان و وەرگێڕ و چیرۆکنووس و ڕۆماننووس (حەکیم کاکەوەیس)ـە کە دوای مەرگی بڵاوکرایەوە و چاپی ڕۆمانەکەی نەدی.

ئەم ڕۆمانە ئەگەرچی سەر لەبەری مێژووی دووردرێژی کورد دەگێڕێتەوە و ڕۆماننووس لە ڕێگای سێکانیان و سوتکەجار و شوێنەکانی دەوروبەری ڕووداوەکانی هاتنی سوپای ئیسلام بۆ ئەم ناوچانە و بەرگری خەڵکەکەی و ئەم کاتانەمان بۆ دەکاتە تێمای ڕۆمانەکە کە بەرگری زەردەشتییەکان بووە لە بەرانبەر ئیسلام کە ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەدا بە لەشکری عەرەبی داناوە و وەک بەرگرییەکی نەتەوەیی و بەرگری نیشانی ئێمە و نەوەی داهاتووی نیشان دەدات، هەر خۆیشی (ڕۆماننووس) لە پێشەکی ڕۆمانەکەیدا کە پێشکەشی شەهیدانی (١٩٦٣)ی (سێکانیان)ی کردووە و ئەم ناوچەیەی کوردستانی وەک نموونەیەک، یان وەک هێمایەکی نیشتمانی بچووک کردۆتەوە کە لە بنەڕەتیشدا هێمای هەموو کوردە، بۆیە من ئەم ڕۆمانە بە ڕۆمانێکی نەتەوەیی لە قەڵەم دەدەم، ئەگەرچی سەرلەبەری ڕۆمانەکەش هەمووی مێژووە، بەڵام ناوی نانێم ڕۆمانی مێژوویی، چونکە ڕۆمانی مێژوویی مەرج و پێویستی خۆی هەیە، لەگەڵ ئەمەشدا ڕۆماننووس سوودێکی زۆری لە مێژوو وەرگرتووەو واقیع و ڕووداوەکانی ناو مێژووی کورد، بەتایبەتیش ئایینی زەردەشتی وەرگرتووە و زۆر بە جوانی و زیرەکانە توانیویەتی لەم ڕۆمانەدا تەوزیفی بکات.

## مێژووی کورد لەم ڕۆمانەدا

پێویستە هەموو کوردێک ئەم ڕۆمانە بخوێنێتەوە، چونکە مێژووی میللەتەکەی لەناو بۆتەی ئەو ڕۆمانەدا دەگێڕێتەوە، ئەگەرچی لەم ڕۆمانەدا شانۆی ڕووداوەکان سێکانیان و دەوروبەریەتی، بەڵام نووسەر مەبەستی هەموو کوردستانە، چونکە لە زۆربەی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا مێژووی کورد ئامادەیی تەواوی هەیە و نووسەریش شارەزایانە هەم مێژووی کورد و هەمیش وەک زەردەشتناسێک هەست بەوە دەکەین ئاگاداری هەم

ئـایین و هـەمـــــیش دابونـەریتـی زەردەشتیـان و زمان و بیرکردنەوە و ڕووداوەکـــانی ڕابوردوومـــان بۆ دێنێتەوە پێش چاو و دەیەوێ پێمان بڵێ ئەوە مـیللەتی کـورد بـووە کـە پێش هاتنی ئاییینی ئیسلام، ئاییینی خـۆی هەبووە و یەکتـاپەرست بووە، کە ئەویش ئاییینی زەردەشتی بووە، بەڵام لە سەردەمی فتوحاتدا بەزەبری شمشێر کراون بە ئیسلام، ئەگەرچی زۆریش بەرگـریـان کـردووە، بەڵام کورد هەمـیشـە لە بەرانبـەر دوژمندا خۆخۆر بووە و تا سـەر نەیتـوانیـوە بەرگـری لە خـۆی بکات و یەکـڕیزی نەبووە، ئەگـەرچی قـارەمـانێـتی نواندووە، بەڵام زۆریشـیـان بەگـەڵ سـوپای دوژمن کـەوتوون و بوونەتە دوو بەش، بۆیەش نەیتـوانیـوە لە بەرانبــەر دوژمناندا بوەســتێ و هەمـیشە بووەتە کوێلە و بەردەستی دوژمنان، وەک لەم ڕۆمـانەشــدا بەناوی سوپای ئیسـلام کوردسـتان کـەوتووەتە دەست داگـیـرکـەری عەرەب، کە لەم ڕۆمانەدا سەردەم و کـاتەکە، سەردەمی عومـەری کوڕی خـەتابە کـە خـۆیشی سـەرکـردە و ئـاگــــاداری لەشـکرەکــــەی هەنـاردوویانەتـە ســـەر کـــورد، ڕۆمـــانـنووس ناوی ناوە (ئۆمــەرە درێژ).

لەم ڕۆمانەدا ئاماژەی زۆر هەن کە کورد یەکڕیزی نەبووە، وەک لە لاپەڕە (١٩)ی ڕۆمـانـەکـەدا ڕۆمـانـنووس ئامـاژە بە باری کـورد دەکـات، یان باری ئەم ناوچانەی لەکاتی هێرشی ئیـــــسـلام، یان عـــەرەب وەک ڕۆمانـنووس وا دەری دەبڕێت کە کورد دووبەرە بوونە، بەرەیەکـــیـان لە پێشـوازی عـەرەب بوون کـە پـیـری سـێـکانیـان سـەرکـردەی لایەنی خـۆبەدەسـتـەوەدان بووە، لایەکـەی تریش، یان بەرەکــەی تریش دژی هاتنی عـەرەب و سـەرکـردەی ئەم لایەنەش (دایکە دۆغـدۆ)ی دایکی زەردەشت بـووە، پیـر پێی وابوو کـە دەبێت دژی لەشکری عـەرەب وەک ڕۆمـــانـنووس پێی دەڵـێ (ئارەو) نەجـەنگن و بەپیر لەشکرەکەیانەوە بچن و خـەڵکەکـە بچنە سـەر دینی ئەوان و بـەهـۆی ئـەوانـەوە لە پـەنـای لـەشـکـری ئـارەووەوە نـەیـارانـی خۆجێیی، واتە ئەو گوند و ناوچانەی کە ئێزدی بوون، بەڵام دوژمنداریـیان لەگەڵ خەڵکی سێکانیـان هەبووە، ئەوە بەلای پیـرەوە ئەگـەر پێشـوازی ئـارەو بـکـەن، دەتـوانـن دوژمـنـانـی خۆجێیی لەناو ببەن، هەرچی دایکە دۆغـدۆشـە ڕای وابوو کـە دەبوایە لەگەڵ نەیارانی ناوخۆ چاک ببنەوە و ببنە یەک بەرە دژی داگـیـرکـەری ئارەو.

لە لاپەڕە (٣٦)ی ڕۆمـانـەکـەدا ڕۆمانـنووس ئاماژە بە خیانەتکردنی کـورد دەکـات کـە ئاشکرا کـردن و پێـدانی نهـێنی شـورەکـەی گـولاڵە دەکات لەلایەن یەکێکی گوندەکانی دەوری گولاڵە کە خیانەت دەکات و زانیـاری دەداتە قـاقـای سـەرکـردەی ئارەو و لەئەنجامی ئەم خـیـانـەتەش ئارەو گولاڵە داگیـر دەکات، ئەمەش نیشـاندانی خوێنەرە کە ڕۆمانـنووس چەند بەدەست خیانەتی کورد لە خۆی و پێـــدانی زانیــــاری بە دوژمن هەمـیـشـە شکسـتی مـێـژوویی خواردووە.

هـەروەهـا لـە لاپـەڕە (٤٠)ی ڕۆمـانـەکـەدا ئاماژەیەک بە خـەڵکی ناوچەی دێکووک و کولانجۆ دەکات کە دژی یەکتر پشتی ئارەو دەگرن و دەبنە هاوکاریان، ئەمەش نیشاندانی مێژووی کوردە کە هەمیشە لە دژی یەکتر و بۆ لەناوبردنی یەکتری پشتی دوژمنیـان گرتووە و لە ئەنجامیشـدا هەر کـوردەکــە لە هەمــوو لایەک زەرەرمەندبوونە.

لە لاپـەڕە (٤٦)دا دەبینین کــــە زەردەشتییەکان داوای پشتگیری لە قـەڵاتی هەولێـر و بەری هەرمـۆتە و ماگوشان دەکەن، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کـە کـورد ئەگـەرچی لە زۆر کـــاتدا دژی یەکـتــر بوونە، بەڵام هەندێک جـاریش هەیە کـە بوونەتە پشت و پەنای یەکتر و پێکەوە دژی دوژمن جەنگاون.

لە لاپەرە (٦٣)دا ئاماژە بە دەردە کورد دەدات کە باردیبانی یەکێک لە پاڵەوانانی ڕۆمـــانـەکــە بیـر لەوە دەکاتەوە خەڵکی لەسەر فراوانکردنی سنوور و بەرگـری کـردن لە سنووری وڵاتی خۆیان دەجەنگن، بەڵام کورد، ئارەو هاتوون سەر و سامانیان تاڵان دەکـەن، کـەچی ئەوان لەسـەر شـەڕە سـەگ پێکنایەن و لە دژی یەکـتـر پشتی ئارەو دەگرن و پشتی یەکتر لە عاردی دەدەن و دەبنە خۆخۆری یەکتر و بێگانەش چۆن بۆ فــراوانکردنی دەسـەڵاتی خـۆیان هەمـوو ناکـۆکی خـۆیان وەلادەنێن، بەمـەش کـورد هەمیشە ڕووی لە شکستە.

هەروەها لە لاپەڕە (٦٥)یشــدا هەمــان ئـامــاژە هەیە کــە ئارەو بە ئاسانی دێنە کەرخین و سێکانیـان، چونکە دانیشـتـوانی ئەم دوو شوێنە لەســەر شـەڕە ســەگ دوژمن بوونە،

کەچی ئارەویش دێ و شوێنەکانیان داگیردەکەن، بەڵام ئەوان هەر ڕێک ناکەون و لە بەرانبەر دوژمنیشدا نابن بەیەک و ئەم وێنانەمان بۆ گەورە دەکات و دەیەوێ پێمان بڵێ کە کورد هەمیشە دوژمنی خۆیەتی، یان ناتوانن بەرەنگاری ئارەو ببنەوە، چونکە کورد خۆی خۆی تێکدەشکێنێ.

لە لاپەڕە (٨٢)ی ڕۆمانەکەدا ئاماژەی ئەوە دەدات کە (تەڵحە)ی سەر لەشکری ئارەو سێکانیان داگیر دەکات و جاڕ دەدرێ بۆ دانیشتووانی سێکانیان کە یان دەبێت ببنە موسڵمان دەنا باج بدەن، یان دەکوژرێن، بێ گومان باجەکەش زۆر بووەو هەموو کەس پێی نەدراوە، بۆیە چارەی تریان نەبوو.

لە لاپەڕە (٨٤)ی ڕۆمانەکەدا ئاماژە بە خەڵکی سێکانیان دەکات کەسێ بەرە بوونە: یەکێکیان شەڕکەر و یاخی، یەکێکیان خۆ بەدەستەوە دەر و یەکێکیشیان بێ لایەن، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ هەموو کورد و هەمیشە لەبەردەم داگیرکەردا وابوونە.

لە لاپەڕە (١٠٧) دا ئاماژە بە ڕقی ئارەو دەدات لە بەرانبەر زەردەشتیاندا وەک دەڵێ: (ئارەو کەوڵی زەردەشتییەکان دەکەنە تەپڵ).

لە لاپەڕە (١٠٨)ی ڕۆمانەکەدا ئاماژە بەوە دەدات کە کورد لەلایەک شەڕی ئارەو و لەلایەک شەڕی پارس واتا (فارس) و لەلایەکی تریش مژوولی شەڕی خۆ بەخۆ بووە، هەر بۆیەشە دوژمنان هەڵی خۆخۆری کوردیان قۆزتۆتەوە و بە ئاسانی کوردستانیان داگیرکردووە.

لە لاپەڕە (٢٧٢) دا ئاماژە بەوە دەکات کە ساسانییەکان هاودینی زەردەشتییەکان بوونە، بەڵام لەگەڵیان باش نەبوونە و بەهیچ شێوەیەک یارمەتی زەردەشتییەکانیان نەداوە و لەلاپەڕە (٢٧٤)یشدا دەمانهێنێتەوە بۆ هەمان بابەت و پێمان دەڵێ کە ساسانییەکان بەهانای کوردەوە نەهاتوون، دەنا کورد وای لێ نەدەهات و ئارەو نەدەیتوانی داگیری بکات.

لە لاپەڕە (٥٢)ی ڕۆمانەکەدا کاکەوەیس مێژوومان بۆ ڕاست دەکاتەوە، هەرچەندە ئەو مێژووە بووە بە ئەفسانە و تازە کورد لەسەری ڕۆیشتووە، بەڵام ئەو هەقیقەتە مێژووییەکە ڕاست دەکاتەوە وەک لێرەدا ئەفسانەی نەورۆز ڕاست دەکاتەوە کە گوایە: (زوحاک ماری هەبووە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەو ماری لەسەر شانی نەبووەو زۆردارەکە زوحاک نەبووە، بەڵکو ئەو ناوی (ئەستیاگ) بووە کە دوایی کردوویانە بە ئەژدەهاک کە ئەویش کورد بووەو کاوە زۆردارەکە بووە کە ناوی ڕاستی (کۆرش) بووە و ئەو فارس بووەو دوایی ناوەکەی کراوە بە (کاوە)، هەروەها لە لاپەڕە (١٠٦)ی ڕۆمانەکەدا جارێکی تر دێتەوە سەر مێژووی ئەفسانەی کاوە و زوحاک، یان ئەستیاگ و کۆرش وەک دەڵێ: (گورگە هەستی دەکرد یەکێکە لە جەنگاوەرانی ئەستیاگ و دژی لەشکری کۆرش دەجەنگێ، لە دڵی خۆیدا، یان لەبەر خۆیەوە دەیگوت: ئای ئەستیاگی مەزن!. دەبێ کۆرش چەندی ئازار دابێت! بەر لەوەی بتکوژێ، گۆشتی کوڕی خۆتی لەسەر خوان بۆ دانایت و دەرخواردی دایت، لووت و گوێی بڕیت و هەردوو چاوی دەرهێنایت، بەر لە مردنت کرایتە نیشانی تیر و ڕم و بەردەست و بەردەقانی... تاد ل١٠٦).

هەر لەم ڕۆمانەدا لە لاپەڕە (٢٣٥) ڕۆمانووس داستانی ئادەم و حەوا بە جۆرێکی تری زەردەشتییانە بە ئێمە دەناسێنێ وەک دەڵێ: (... باسی گیومەت و مەشێ و مەشیانەی بۆ دەکردن، ئاهورامەزدا چۆن یەکەم مرۆڤی بەناوی «گیومەت»ەوە لەئەشکەوتێکدا دروست کرد و ئەهریمەن ڕۆڵی چی بوو؟ ئەدی مەشێ و مەشیانە کە دوو نێرکە ڕێواسی تێکئالاو بوون، چۆن بوون بە یەکەم ژن و مێردی جیهان!).

ئیتر ئەمانە چەند برگەیەکی پێویست و دیار بوون لە بنیادی ڕۆمانەکەدا، دەنا ئەگەر لە نێو ڕۆمانەکەدا بۆ باسی مێژوویی و ڕووداوی مێژوویی بگەڕێین، دەبینین بە دەیان لاپەڕەی تریش ناتوانین لەم باسەدا بچینە دەرەوە، چونکە سەر لەبەری ڕۆمانەکە سوود وەرگرتنە لە مێژوو و تەوزیف کردنی چەندان ڕووداو و واقیعی مێژوویی کوردو ئایینی زەردەشتییە، بەڵام ئێمە بۆ بەرچاو ڕوونی خوێنەر، تەنیا ئەوەندەمان لێی وەرگرت و باس کرد.

### تەکنیک لەم ڕۆمانەدا

ئەم ڕۆمانە بە تەکنیکی بگێڕەوەی هەموو شتزان نووسراوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا چەندان تەکنیکی تری لە

ڕۆمانەکەدا بەکارهێناوە وەک:
١- بەکارهێنانی تەکنیکی تەداعی و شەپۆلی هۆش و فلاشباک.
٢- بەکارهێنانی تەکنیکی مۆنتاژی کات و شوێن، بەتایبەتیش مۆنتاژی شوێن کە لەم ڕۆمانەدا، چونکە ڕۆماننووس بایەخی بە شوێنەکانی کوردستان داوە، ئەوەی ڕاستەوخۆ شوێنەکانی ڕۆمانەکە بوونەتە گۆڕەپانی ڕووداوەکان و زیاتر بلاژکتۆری نووسەری کەوتووەتەسەر بریتین لە سێکانیان و کەرخین و قەڵاکەی و سۆتکەجار و چەمەن و کوردەسەر و دەشتی ئاودار تا دەگاتە قەڵاتی هەولێر و هەرمۆتە و ماگوشان و گادزراو و ماسقەلان و گردەقوتە و مەرگە و شارەبان و...تاد.
ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە ڕۆماننووس بەهۆی مۆنتاژی شوێنەوە زۆربەی شوێنەکانی کوردستانمان بۆ دەکاتە شوێنی ڕووداوەکان و ئەو بایەخەی شوێنیش وەک خۆشەویستی هەموو خاکی کوردستان نیشانی خوێنەرانی ڕۆمانەکە دەدات.
ئەم تەکنیکەی مۆنتاژی شوێن وای کردووە کە ڕۆماننووس زۆر بە جوانی سوود لە تەکنیکی سینەما وەربگرێت و ئەم دیمەنانەمان یەکە یەکە وەک لە پێش شاشەیەکی سینەمابین ئاوەها بە جوانی لەگەڵ خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا خوێنەر وادەزانێ لە سینەمایەک دانیشتووە و دیمەنەکانی ڕۆمانەکەی یەکە یەکە و وێنە وێنە بەپێش چاویدا تێدەپەڕن.

٣- سوود وەرگرتن لە خەون و خەیاڵی فراوان و نووسینەوەی دابونەریتی خەڵکی ئەم شوێنانەی ڕۆمانەکە کە لەو کاتەی لەسەر ئایینی زەردەشتی بوونە وەک : دابونەریتی ژن مارەکردن و خۆشەویستی و هەڵبژاردنی سەرکردەی جەنگ کە بە هەڵگرتنی بەردی گەورە تاقی دەکرانەوە، هەروەها دابونەریتی ئایینی زەردەشتییان کە پێڕەوی (وتەی چاک/ کردەوەی چاک/ بیری چاک)ی زەردەشتییان کردووە، هەروەها پیرۆزی ئاگر و ڕێزلێنان لە کەسایەتی ئایینی ئەوان کە پێیان گوتووە (پیر).
٤- سوود وەرگرتن لە ئەفسانە و ریف (خورافە) کە لەم ڕۆمانەدا پانتاییەکی فراوانی داپۆشیوە وەک:
ئەلف- بەکارهێنانی دیو و دەعبای ئەفسانەیی وەک قەقنەس بوونەوەری ئاگر و هی تریش، یان بەکارهێنان و باسکردنی چیرۆکی سەیر و سەمەرەی جنۆکان وەک چیرۆکی دایکی دۆغدۆ کە مامانی جنۆکان بووە.
بێ- بەکارهێنانی چیرۆکی ئەفسانەیی نێو دابونەریتی خەڵکی سێکانیان، وەک گێڕانەوەی چیرۆکەکانی ئاگری گرگرە کە پیرۆزییەکەی لەوەدایە ئەو ژنەی کە منداڵی نابێت بێتە دیار ئاگرەکە ساڵێک نابات منداڵی دەبێت، ئەوەش بەدیارخستنی بیروباوەڕی زەردەشتییانە بە پیرۆزی ئاگر و ئاگرەکەی گرگرە کە وەک ئەفسانەی لێهاتووە.
جیم- بەکارهێنان و ڕاستکردنەوەی ئەفسانەی نەورۆز و تەوزیف کردنی لەم ڕۆمانەدا، ئەمەش پێشتر لەم نووسینەدا باسم کردووە.
دال- زۆر دیمەن و تەوزیف کردنی ئەفسانە و خورافاتی تری ئەم ناوچانەی کوردستان هەر لە سێکانیان و دەوروبەری تا شوێنی تر کە نموونەکان زۆرن و پێویست ناکات ئاماژە بە هەموویان بدرێت.
هێ- سوود وەرگرتن و تەوزیف کردنی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی مێژوو کە ڕۆمانەکە وەک پێشتر باسی ڕۆڵی مێژوویمان کرد کە سەرتاپای مێژووە.
ئەم ڕۆمانەی حەکیم کاکەوەیس تا سەر ئێسقان سوودی لە جومگە و ڕووداوەکانی مێژووی کورد وەرگرتووە و گرێچنی ڕۆمانەکەش کێشمەکێشی شەڕی داگیرکردن و بەرگری و خۆ بەدەستەوە دانە و شەڕە لەسەر مانەوەی کورد لەسەر بنیادی ئایینی و نەتەوایەتی خۆیدا کە ئایینی زەردەشتی بووە لەگەڵ ویست و پەلاماری بکوژانەی عەرەب، یان وەک کاکەوەیس دەڵێ ئارەو بۆ سڕینەوەی ئەم مێژووە و ئایین و هزری نەتەوایەتییە هاتوون کە نووسەری ڕۆمانەکەش لەم ڕۆمانەدا سۆزی لە دەستچووی کوردی بۆ ئایینی زەردەشتی هەست پێ دەکرێ.
بۆ پاڵپشتی کردنی هزری نەتەوەیی خۆیشی چەندان چیرۆکی مێژوویی و لاوەکی مێژوویی خستووەتە ناو بنیادی ڕۆمانەکە لەمانەش:
(تەوزیف کردنی کەسایەتی دایکە دۆغدۆ کە دایکی زەردەشتە و لەم

رۆمانەدا پاڵەوانێکی سەرکێش و سەرکردەی لایەنی بەرگری نەتەوەیی و ئایینی زەردەشتییە و تا کۆتایی رۆمانەکەش لەئایینی خۆی وازناهێنێ و بەرگری دەکات).

هەروەها رۆماننووس چەندان لاوکمان بۆ تەوزیف دەکات کە باسی دەوڵەتی ماد دەکات کە چۆن کەوتبوونە گیانی یەکتر، هەروەها چەندان لاوکی تر کە باسی کۆرش و رووداوی تری مێژوویی دەکەن.

٦- زمان لەم رۆمانەدا تا بڵێی پاراوە، تا بڵێی کولاوی ناو کۆمەڵگەی کوردییە، بەتایبەتیش دەشتی بەپانی راکشاوی گەرمیان کاتێک کە پاڵەوانەکان دەجووڵێنێ هەموویان گەرمیانین، لە هەمان کاتدا ئەگەر پاڵەوانە مێژووییەکانیش کە دەیانجووڵێنێت، دەیانکات بەخەڵکی گەرمیان و بەشێوەزاری ئاخاوتنی گەرمیان گفتوگۆیان پێ دەکات.

هەروەها لەم رۆمانەدا دەبینین دەستەواژە و وشەی رەسەنی کوردی بەکار دەهێنێت، ئەگەر لەناو کوردیشدا ئەم جۆرە ئاخاوتنە لە کزی داوە، یان کەمتر بەکار دێت، بەڵام رۆماننووس دەیکوردێنێ، نموونەشمان زۆرە وەک :

عارەب ---- ئارەو
قورئان – قورۆنی
خودا – ئێزدان
زراو – ئەترەش
کچ – دوێت
شێت – دین
هی تریش

هەروەها ناوەکانیشی کردووەتە کوردی وەک:

محەمەد – مەمەد
عومەر – ئۆمەر
عەبدوڵلا – عەولا
أبن غنم – کوڕی غەنەم
طلحة – تەڵحە
هی تریش

هەروەها لە جیاتی بەکارهێنانی بەشی رۆمانەکە (نەسک)ی بەکارهێناوە کە ئەمەش سرووتێکی ئایینی زەردەشتییەکانە کە وەک بانگدان بووە، بەڵگەشمان ئەوەیە لە لاپەڕە (١٨٦)ی رۆمانەکەدا دەڵێ: (بانگدانەکەی هەر بەو ئاوازەوەیە کە نەسکی پیرۆزی پێ دەچڕی)، بەڵام نووسەر بۆ بەشەکانی رۆمانەکە وەک نوێکارییەک بەکاری هێناوە لەجیاتی بنووسێ بەشی یەکەم، یان بەشی دووەم، نووسیویەتی نەسکی یەکەم، یان نەسکی دووەم...تاد.

٧-کۆتایی رۆمانەکەش بە کراوەیی ماوەتەوە، چونکە ئەو سێ کەسەی کە مانەوە و نەچوونە سەر دینی ئیسلام و لەسەر ئایینی زەردەشتی مانەوە، چیتر ناتوانن شەڕبکەن، بەڵکو تەنیا بەرگری دەکەن، دوایی لە سێکانیان بەرەو مەرگە و بۆ لای فەروخ پاشا دەچن و ئەوانیش ساسانییەکان کە هاودینی خۆیان بوون، نیازیان لەگەڵیان باش نەبووە، بۆیە ئەوانیش بەرگری لەشکری ئارەو ناکەن و ئەو سێ کەسە دایکە دۆغدۆ، گورگە، رێواس، لەگەڵ سەگەکەی فەروخ، پاشان کە دەبن بە چوار و وەک خۆی لەکۆتایی رۆمانەکە دەڵێ (سێ سوار کە سەگەکەیان چوارەمیان بوو، بەرەو ئەشکەوتەکان، بەرەو هەوراز بەشاخەکەدا هەڵگەڕان).

دیارە نووسەر ناوونیشانی رۆمانەکەشی (سەگەکەشیان چوارەمیان بوو) هەر لەم کۆتاییە کراوەیەی رۆمانەکەوە هەڵێنجاوە، کە هێمای مانەوەو بەرگری و درێژە پێدانە، ئەمەش خوێنەر دەتوانێ وەک بەشداریێکی رۆمانەکە لە خەیاڵی خۆیدا رۆمانەکە درێژە پێ بدات، چونکە نووسەر لە ژیان نەماوە، بۆیە تەنیا خوێنەری زیرەک و بەسەلیقە دەتوانێ ببێتە دانەری بەشێکی تری رۆمانەکە، بێ گومان لەهزری خۆیدا چۆنی بوێت رووداو و کارەکتەر و هەموو جووڵەی رۆمانەکە لەبیرکردنەوەی خۆیدا دایدەڕێژێ، چونکە رۆماننووس کۆتایی رۆمانەکەی بە کراوەیی بۆ خوێنەری زیرەک و بیرتیژ هێشتووەتەوە.

ئەوەی ماوە بیڵێم ئەوەیە، ئەم رۆمانە یەکێکە لە رۆمانە جوان و ناوازەکانی کورد و پێویستە هەموو کوردێک بیخوێنێتەوە تا مێژوو و رابوردووی خۆی بزانێ و خۆی بدۆزێتەوە.

دەکرێ لەچەندان دەلاقە و لایەنی تریشەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێت، بەڵام من نەمویست زۆر درێژەی پێ بدەم، هەر هێندە لێی دوام مەبەست و هزر و جیهانبینی رۆماننووس روون بکەمەوە و کەسانی تریش دەتوانن زیاتر لە دەلاقە و تێروانینی دیکەوە بیخوێننەوە و راڤەی بکەن و لێی بدوێن.

درود بۆ گیانی حەکیم کاکەوەیسی کوردپەروەر و زمانزان.

**ژێدەر:**
**حەکیم کاکەوەیس، سەگەکەشیان چوارەمیان بوو، رۆمان، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠١٨، ٢٨٠ ل.**